## یاسای سزادانی هەر پیاوێک کە لە دەرەوەی دادگا مارەی ژن بکات

**بە ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بە ناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی دەرهێنان: ٦**
**رۆژی دەرهێنان: ٢٠٠١/٦/٣٠**

پشت بە حوکمەکانی برگە (١)ی ماددەی (٥٦) و ماددەی (٥٣) لە یاسای ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢)و، لەسەر داواکردنی ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی ئەنجومەن و ئەو یاساکارییەش کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ژمارە(١٦)ی رۆژی (٢٠٠١/٦/٢٨)یدا ئەنجامی داوەو بەپێی ئەو دەسەڵاتەش کە برگە(٣)ی ماددەی دووەمی یاسای ژمارە(١٠)ی ساڵی ١٩٩٧پێمانی داوە، بریاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا:

**یاسای ژمارە(٦)ی ساڵی (٢٠٠١)**
**سزادانی هەر پیاوێک کە لە دەرەوەی دادگا مارەی ژن بکات**

**ماددەی یەکەم:**

هەر پیاوێ لە دەرەوەی دادگا مارەی ژنی خۆی ببرێ سزا دەدرێ بە حەپس کردنی بۆ ماوەیەک لە شەش مانگ کەمتر نەبێ و لە ساڵێک زیاتر نەبێ، یان بە غەرامەیەک لە(٣)سێ هەزار دینار کەمتر نەبێ و لەپێنج هەزار دینار زیاتر نەبێ. خۆ ئەگەر هات و ژنی هەبوو و لە دەرەوەی دادگا ژنێکی دیکەی بەسەر هێنا، ئەوە لەو بارەدا سزای حەپسییەکەی بۆ ماوەیەک دەدرێ لە(٣)سێ ساڵ کەمتر نەبێ و لە پێنج ساڵیش زیاتر نەبێ.

**ماددەی دووەم:**

هەر دەقێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت ناخرێتە بەرکار٠

**ماددەی سێیەم:**

پێویستە ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە بخەنە بەرکار٠

**ماددەی چوارەم:**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە(وەقایعی کوردستان)دا دەخرێتە بەرکار٠

**د.ڕۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**